# جەژنی
# سەری ساڵی زاینی ؟!!

ئامادەکردنی : ڕەوەند عبدالله

================================

لە بڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت

www.ba8.org

هەموو سایتێک ئازادە لە بڵاوکردنەوەی بە بێ دەستکاری کردنی

==========================================================

## پێشەکی

زرنگ ... زرنگ .... دەنگی زەنگی مۆبایلەکە بەرز بوەوە .

یەکەم : السلام علیکم .

دووەم : و علیکم السلام .

یەکەم : سبەینێ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە چی ئەکەیت ؟

دووەم : بەتەمام بخەوم ، تاقەتی میوان و گەردن ئازایی و قەرەباڵەغیم نیە .

یەکەم : منیش هەروەها . چەند نامەیەکی پیرۆزباییشم بۆ هاتووە تاقەتی وەڵامدانەوەم نەبوو

**لە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك : دیسانەوە زەنگی مۆبایلەکە بەرز بووەوە .**

یەکەم : جەژنت پیرۆز بێت .

دووەم : جەژنت پیرۆز بێت .داوای لێبوردن ئەکەم ئەوەندە جەژنە پیرۆزەم لەخەڵك کرد سەنتم نەما ناچار ئێستا نامە بۆ خەڵك ئەنێرم .

یەکەم : منیش وەکو تۆ نامەی پیرۆزباییم بۆ زۆربەی برادەران ناردوە .

دووەم : ئەم شەو چی ئەکەیت ؟

یەکەم : قاتێکی تازەم دووریوە ئەمڕۆ تۆزێك پەلە لە بەرگ دوورەکە ئەکەم بەڵکو بۆ شەو بۆمی تەواو بکات . دووەم : ئەم سەری ساڵە چی بکەین ؟!

یەکەم : ئەڕۆین سەردانێکی ئەو برادەرانە ئەکەین و پیاسەیەکیش ئەکەین ، خۆناشکرێ ئەم شەو شیك پۆش نەبین .

دووەم: من ماوەیەك پێش ئێستا قاتێكم دووری .

یەكەم : ئەم ساڵ زۆر دڵ گەرم و خۆشحاڵی .

دووەم : ئــەی لەســاڵێكدا یــەك شــەوە ، بابەخۆشــی بەســەری بــەرین ، ئــەی جــەنابت بــۆ خۆشحاڵنیت قاتی تازەت داوەتە دورین ؟ هەردوو زەنگەكە بەم شێوە تەواو بوون ! ! !

زۆر زۆر بەداخەوە ئەمە حاڵی زۆربەی لاوەكانمانە لەكورو كچ لەجەژنەكانی خۆیـان ئەخـەون و بەخەو كات بەسەر ئەبەن ! ! لەجەژنی گاور و خـاچ پەرەسـتانیش بـە گەمـەو خۆشـی و شـایی گێـڕان كاتەكانیان بەسەر ئەبەن وەك بڵێیت تەنها جەژنێكیان هەیەو لەباووباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە ! ! ! بەڕاستی جێگای داخ و بەزەیی پیا هاتنەوەیـە كـە خـەڵێكی زۆر بەتایبـەت لاوانمـان لـە سـەری سـاڵی زاینیدا بەشەو دەرژێنە سەر جادەكان و نامەی پیرۆزبـایی ئاراسـتەی یـەكتر ئەكـەن و سـەردانی یـەكتر ئەكەن و جەژن ئەگێڕن وخۆشـحاڵی خۆیـان دەرئـەبڕن و كوێرانـە ڕەفتـار ئەكـەن و بەجـەژنی خۆیـانی ئەزانن و كارتی ڕازاوە بۆ یەكتر ئەنێرن .

بەڕاستی جێگای داخە سەری ساڵی زاینی بەجەژنی خۆمان بزانین لەڕاستیدا نە جەژنە و نـەش دەبێت ناوی لێبنرێت جەژن چـونكە تایبەتـە بـەگاور و خـاچ پەرسـتان ، و ئاشكراشـە موسـڵمانان دوو جەژنی تایبەت بەخۆیان هەیە كە جەژنی ( **ڕەمەزان و قوربان** ) ە ، كەدواتر ئەچینە سەر باسیان ، ئەمە لەلایەك . وە لەلایەكی تریشەوە : ئەگـەر ئـاینی ئیـسلامیش وەك هـەموو ئاینـەكانی دونیـا مێژوویـەكی دیاری كراوو ڕونی نەبوایە ئەوا دەمانووت گرفتێك نیە سەری ساڵ بەجەژن بزانرێـت ، بـەڵام بـاوەڕداری بەڕێز : جێی خۆیەتی بۆ ساتێك بوەستیت و ئـەم دوو خاڵـەی خـوارەوە بكەیتـە تـەوەری تێفكرینـت و لەخۆت بپرسە :

**یەكەم :** ئایە بەڕاستی ئەم جەژنە بـونی هەیـە لـەئاینی مەسـیحیەكان ( مەبەسـت پێیـان ئـەو كەسانەن كە لە سەر ئایینی پێغەمبەر مەسیح ـعلیه السلام ـ ماونەتـەوە ، و ئایینەكـەیان نـەگۆڕیوە ) ؟

یان داهێنراوی خاچ پەرستانە ( مەبەست پێیان ئەو كەسانەیە كە مەسیح ـعلیه السلام ـ بە خـوا دەزانـن یان بە كوڕی خوا ، یان دەڵێن سێیەمی سێ خواكانە ) ؟

گەر وامان دانا كـە لـەئاینی مەسـیحیەكان بـوونی هـەبێت : ئـەوا تـۆ وەك بڕوادارێـك لەسـەرتە پێچەوانەیان بیتەوە . وەئەگەر لەئاینەكەیاندا بنەوایەكی نەبێت لێرەدا تۆ دوو جار بە هەڵەدا چووی :

١ / لاساییان دەكەیتەوە لە شتێكی بێ بنەوادا .

٢ / خودی لاسایی كردنەوەكەیشت بیدعەیە .

**دووەم :** ئایە بەپێی قورئانی پیرۆز و فـەرمووده ( **صحیح** ) ەكـانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بۆمـان هەیە سەری ساڵی زاینی بەجەژنی خۆمانی بزانین وئاهەنگی تیا بگێڕین

**لەوەڵامدا ئەڵێم :** گەر بەڕاستی بەدوای وەڵامی دروست دا دەگەڕێیت ئەوا لەم نوسراوەدا لەگەڵمانا بەو پاشان خۆت خاوەن بڕیاریت .

ئەو ڕاستیەی کە بەڵگە نەویستە ئەوەیە کە نابێت هەرگیز وتەی کەس پێش وتەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ بخەین ، هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا﴾ ( سورة الأحزاب : ٣٦ ) .

واتە : بۆ هیچ بڕوادارێکی نێر و مێ نىيە ئەگەر خوای پەروەر و پێغەمبەرەکەی فرمایشێکیان کردبێت ، ووتە و گوفتاری خۆیان لە فەرمایشەکەی ئەوان بە باشتر بزانن ، ئەو کەسەش کە سەرپێچی خوای پەروەدگار و پێغەمبەرەکەی بکات ، ئەوا گومڕا بوونێکی ئاشکرا گومڕا بووە .

**هەروەها ئەفەرموێت :** ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ ( سورة النور : ٦٣) .

واتە : با ئاگادار بن ئەو کەسانەی کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن لەوەی کە تووشی فیتنەیەك بن ، یان تووشی سزایەکی سەخت و توند ببن .

بۆیە لێرەدا جەند پرسیارێك باسەکەمان ئەوروژێنێت : ئایە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردوە ﷺ کە لەم ڕۆژەدا جەژن بگێڕێت ؟!!! یان ئایە پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەری ساڵی زاینیدا جەژنی گێڕاوە ؟!!! یان هاوەڵانی لەپاش خۆی لەو ڕۆژەدا جەژنیان گێڕاوە ؟!!! تۆ بڵێیت ئەو موسڵمانانەی لەم ڕۆژەدا جەژن ئەگێڕن بەهەڵەدا چوبێتن ؟ بڵێی جەژنی سەری ساڵی زاینیش سێیەم جەژنی موسڵمانان بێت ؟ یان تۆ بڵێیت بەشداری کردن تیایدا حەرام بێت ؟ زۆر پرسیاری تریش .

بەدڵنیاییەوە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی ئاگەدار کردۆتەوە کە لاسایی بێ باوەڕان و خاچ پەرستان نەکاتەوە پێغەمبەریش ﷺ هاوەڵانی لە خۆ شوبهاندنە بێ باوەڕان ئاگەدار کردۆتەوە لەهەموو کردارێکدا نەك تەنها لەجەژنەکاندا . وە ئەگەر بەوردی دیقەتی مێژووی ئیسلام بدەین تەنها سەرچاوەیەك بەدی ناکەین کە باس لەڕەوایەتی جەژن گێڕان بکات لەم ڕۆژەدا بەڵکو هەرهەمووی پێچەوانەی باس دەکات . وەبۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و چەندین پرسیاری تریش ئەم دێڕانەی خوارەوە باشترین بەڵگەن بۆ ئەوانەی بەدوای ڕاستیدا بگەڕێن :

## بەڵگە لەقورئان

**جەژن :** ناوێکە هەموو ڕۆژ و شوێنێك دەگرێتەوە ، وشەی ( **عيد** ) یش لەزمانەوانیدا بەهەموو ڕۆژێك دەوترێ کەتیایدا خەڵك کۆبێتەوە ، وە بۆیە پێی وتراوە ( **عيد** ) چونکە جار لەدوای جار دەگەڕێتەوە و دوبارە ئەبێتەوە .

موسـڵمانانیش دوو جـەژنیان هەیـە : جـەژنی ( **ڕەمـەزان و قوربـان** ) ئـەی ئـەم جەژنـە چـیە کەخەڵکی بەهاتنی خۆشحاڵ ئەبن شایی ئەگێرن و پیرۆزبایی لەیەکتر ئەکەن ؟!!

زانای پایەبەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) فەرموویەتی : (( جەژنەکان لەو تایبـەت مەندیانـەن کـە ئاینەکانی لەیەکتر پیٚ جیا ئەکرێتەوە )) ، کەوا بوو سەری ساڵی زاینی جەژنی موسڵمانان نیە . دەزانم ڕاستە خۆ ئەڵێیت بەڵگەت چیە ؟ خوای پەروەردگار لەچەندین ئایەتـدا ئاگـەداری کردوینەتـەوە لـەوەی کە خۆمان نەشوبهێنین بە بیٚ باوەڕان و خاچ پەرستان وەك لەم ئایەتانەی خوارەوەدا بەڕونی دیارە :

١ ـ ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا﴾ ( سورة الفرقان : ٧٢ ) .

( **محمد** ) کوڕی ( **سيرين** ) فەرموویەتی : مەبەست لـەم ئایەتـە ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَـشْهَدُونَ الـزُّورَ﴾ ( **شعانين** )ە کە یەکێکە لە جەژنی خاچ پەرستان .

وە ( **ربيعەی** ) کوڕی ( **أنس** ) یش فەرموویەتی : مەبەسـت پیٚـی جـەژنی بیٚباوەڕانـە ، وە لـە چەندەها کەسانی پێشینەوە هەمان واتا دەگێڕێتەوە .

٢ ـ ﴿ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴾ ( سورة الجاثيـة : ١٨ ) ، واتە : ئاینێکی تێرو تەسەلمان بۆ ناردوی لەوەی فەرمان دەکا بـە هـەموو چـاکەیەك و نـەهیش دەکا لەهەموو خراپەیەك جاشوێنی بکەوە بۆ بەدەست هێنانی خۆشـبەختی دونیـاو دواڕۆژت وەنەکـەی شوێنی کەسانێکی ئارەزو پەرەست و نەزان بکەوی .

٣ ـ ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( سورة المائدة : ٥١ ) ، واتە : ئەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان بەخواو پێغەمبەر ﷺ هێناوە نەکەن گـاور و خاچپەرسـتان بەدۆسـتی خۆتـان بـزانن ، کـە لەڕاسـتیدا ئەوان دوژمنی ئێوەن ، وە لە نێوان خۆیشیاندا دۆسـتی یـەکترن و هەریـەکێك لـەئێوە ئـەوان بەدۆسـت دابنیٚ ئەوا ئەویش لەوان دەبیٚ .

زانـای پایـە بـەرزی ئیـسلام ( **ابـن تيميـة** ) لـەم بارەیـەوە فەرموویـەتی : (( بنـەوای ( **مـوالاة** ) بریتیە لە خۆشەویستی هـەروەك بنـەوای ( **معـاداة** ) بریتیـە لـە ڕق لێبـوون ، چـونکە خۆشەویـستی هۆکارێکە بۆ نزیك بوونەوە لەیەکتر و ڕق لێبونیش ( **المعاداة** ) هۆکارێکە بۆ لەیەك دورکەوتنەوە ))

٤ ـ ﴿اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ﴾ ( سورة الفاتحة : ٦ ــ ٧ ) ، واتە : خوایە ڕێگای ڕاستمان پێشان بدە و ڕێنموییمان بکە بـۆی ڕێگـەی ئەوانـەی کە نیعمەتی خۆتت بەسەریاندا ڕشتوە ( کە بـریتین لـە : پێغەمبـەران و پیـاو چـاکان و شـەهیدان ) وە نەشمانکەی بەوانەی کەلێیان توڕەی کە( **گاورەکان** )ن و وەنەشمان کەی لەوانەی کەڕێگای ڕاسـتیان ون کردووە کە( **خاچپەرستان** ) ن.

٥ ـ ﴿ وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم مِّن بَعْدِ مَا جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذَاً لَّمِنَ الظَّالِمِينَ﴾ ( سورة البقرة :١٤٥ ) ، واته : جا ئەگەر تۆ شوێنی ئارەزووەکانی ئەوان بکەویت ، دوای ئەو زانینەی کە بۆت هاتووە ، ئەوا تۆ لە ستەمکاران دەبیت .

زانای پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) سەبارەت بە ڕاڤەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەدات کە پێچەوانە کردنەوەیان ( واتە : گاور و خاچ پەرستان ) گشتیيە لە هەموو شتێك دا .

ئەمەو چەندین بەڵگەی تر هەن لە قورئانی پیرۆز کە نەهی دەکات لەبەشداری کردن لەجەژنی گاور و خاچ پەرستان ، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ خاوەن هزر و ژیریەکان کە پەندی لێوەرگرن .

## بەڵگەلە سوننەت

موسڵمان بەڕێز : خوای پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ ( سورة النور : ٦٣ ) ، واتە : با بە ئاگا بن ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی فرمانەکانی دەبنەوە ، لەوەی کە تووشی فیتنەیەك بن یان تووشی سزایەکی سەخت بن .

پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی : **" من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد "** ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : ئەو کەسەی کە تازەگەری و بیدعەیەك بێنێتە ناو ئایینەکەمانەوە ، و لە ئایین نەبێت ، ئەوا ڕەد دەکرێتەوە بە ڕووی خاوەنەکەیدا .

کەواتە نابێ سەرپێچی بکەین لەو فەرمانانەی کە پێی کردوین ، جا بابزانین سەبارەت بەجەژنی سەری ساڵی زاینی پێغەمبەرمان محمد ﷺ چیمان پێ ئەفەرمووێ :

١ ـ ( **أنس** ) ی کوڕی ( **مالك** ) بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە ، دوو ڕۆژی دیاری کراومان هەبوو ، بەزم و شادیان تیادا دەگێڕا لێی پرسین : **" ما هذان اليومان "** ، واتە : ئەو دوو ڕۆژە چین ؟ وتیان : لەسەردەمی نەفامیدا پێش ئیسلام بەزم و شادیمان تیادا دەگێڕا ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : **" إن الله قد أبدلكم بهما خيرا منهما يوم الاضحى ويوم الفطر "** ، واتە : خوای پەروەردگار بۆی گۆڕیون بە دوو ڕۆژی لەوان چاکتر کە دوو جەژنی : قوربان و ڕەمەزانە ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ١١٣٤ ) .

ڕوی هەڵێنجاندنی بەڵگە لە فەرموودەکە لەوە دایە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دانی نەناوە بەڕەوایەتی ئەو دوو ڕۆژەو بێدەنگیش نەبووە لەسەری و نەیهێشتوە جەژن و شادیی تیادا بێگێڕن و بەزم خۆشی بکەن بەڵکو فەرموویەتی : خوای پەروەردگار بۆی گۆڕیون بە دوو ڕۆژی لەوان چاکتر کە دوو جەژنی : قوربان و ڕەمەزانە . وە لە گۆڕینی شتێکی وا پێویست دەکات گۆڕاوەکە بخرێتە لاوە بۆ گۆڕەڕ ، واتە : لەگۆڕینی شتێکدا بەشتێکی تر پێویست دەکات واز لە گۆڕاو بهێنرێت ( کە دوو ڕۆژەکەی سەردەمی نەفامیە ( **جاهلي** ) بۆ گۆڕەڕ کە هەردوو جەژنی ( **قوربان و ڕەمەزان** ) ە ، ئەمەش

ئەوە دەگەیەنێت واجبە واز لەگۆڕاو بهێنرێت بۆ گۆڕەڕ نەك هەردوكیان ئەنجام بدەیت ) . جا توخوا باوەڕداری بەڕێز جەژنی سەردەمی نەفامی خۆشە و چێژی هەیە یان جەژنێك پەروەردگار كردبێتیە خەڵاتی بەندەكانی ؟

**٢ -** پیاوێك لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا نەزر ( **نذر** ) ی كردبوو كە وشترێك لەشوێنێك بەناوی ( **بوانة** ) دا سەرببڕێت ئەو پیاوە هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : من نەزرم كردوە وشترێك لە ( **بوانة** ) سەرببڕم ، پێغەمبەری خواش ﷺ پرسیاری لێكرد ئایە ئەو شوێنە بتێك لەبتەكانی سەردەمی نەفامی ( **جاهلي** ) تیادا بووە بپەرەسترێت ؟ فەرموویان : نەخێر ، جارێكی تر پرسی ئەی هیچ جەژنێك لەجەژنەكانیانی تێدا نەبووە ؟ فەرموویان : نەخێر . پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : نەزرەكەت بەجێ بهێنە ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٣٣١٣ ) .

زانای پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) سەبارەت بە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیە فەرموویەتی : (( ئەگەر سەربڕین لەشوێنی جەژنەكانیان قەدەغە كرابێت ، ئاخۆ ئەنجامدانی هەندێك كرداریان كە لەو ڕۆژەدا ئەنجامی ئەدەن چۆن بێت )) . بەم شێوەیە بەڕونی بۆمان دەردەكەوێت كە سەربڕین لەشوێنی جەژنەكانیان و شوێنی بتەكانیان كە دەیانپەرەست سەرپێچی پەروەردگاری تیایە ، بۆیە بەشداری كردن لەجەژنەكانیان سەرپێچی كردنی فەرمانی پەروەردگارە . بەتایبەت خەڵكانێك هەن هەندێك لەو كارانە ئەنجام ئەدەن كە خاچ پەرستان لە جەژنەكانیاندا ئەنجامی ئەدەن . بەمەشدا بۆمان دەردەكەوێت كەوا بەشداری كردن لەسەری ساڵی زاینیدا كە جەژنی خاچ پەرستانە جائز نیە و تاوانێكی گەورەیە .

**٣ -** پێغەمبەری خوا ﷺ جارێكیان لەجەژنێكدا بە ئیمامی ئەبو بەكری فەرموو : (( ئەی ئەبو بەكر هەموو گەلێك جەژنی تایبەت بەخۆی هەیە ئەمیش جەژنی ئێمەیە )) ( متفق عليه ) ،

ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر قەدەغەكردنی بەشداری كردن لەجەژنی گاور و خاچ پەرستان ئەمەش لەچەند لایەكەوە :

**یەكەم :** واتاكەی ئەوە دەگەیەنێ كە هەموو گەلێك جەژنی تایبەت بەخۆی هەیە و موسڵمانان بۆیان نیە بەشداری تیادا بكەن چونكە هەرجەژنەو دابونەریتی تایبەت بەو گەلە هەیە كەوەخاوەن جەژنەكەیە . هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴾ ( سورة المائدة : ٤٨ ) ، واتە : هەریەكێك لەئێوە شەریعەت و پەیڕەوێكی تایبەتیمان پێ بەخشیون . بۆیە گەر جەژنێك تایبەت بوو بە گاوران و خاچ پەرستان موسڵمانان بەشداری تیادا ناكەن ، چونكە داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان لەو ڕۆژەدا ئەنجام ئەدەن كە ئاینی ئیسلام بەتاوان و حەرامی داناوە . هەروەك چۆن ئەوانیش بۆیان نیيە لە جەژنەكانی ئێمەدا بەشداری بكەن تاوەكو ئیمان دەهێنن .

**دووەم :** ( **وهذا عيدنا** ) مەبەست تيايدا كە جەژنی ( **ڕەمەزان و قوربان** ) تايبەتن بەموسڵمانان و داب و نەريتی ئاينی ئيسلامی تيا ئەنجام ئەدرێ . جگە لەم دوو جەژنە موسڵمانان جەژنی وەرزی تريان نيە و نايشبێت .

**٤ ـ** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : " **من تشبه بقوم فهو منهم** " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٢٨٣١ ) ، واتە : هەركەسێك لاسايی كۆمەڵێك بكاتەوە ئەوا ئەويش لەوانە . زانای پايە بەرزی ئيسلام ( **ابن تيمية** ) سەبارەت بە ڕاڤەی ئەم فەرموودەيە فەرمويەتی : (( بەشدار بوون و خۆ شوبهاندن بەوان لەهەندێك لەجەژنەكانيان ئەبێتە هۆی دڵخۆش بونيان بەو ناڕەواييەی كە لەسەرين )) .

هەروەها ئەڵێ : (( كەم ترين شتێك كەسەبارەت بەم فەرموودەيە بوترێ ، ئەوەيە كە خۆشوبهاندن پێيان حەرامە )) . گەر بڵێيت بەشداری ئەكەم و خۆم بەوان ناشوبهێنم پێت دەڵێم هەر قەدەغەيە ، چونكە بەشداری كردن بەشێكە لەخۆشوبهاندن ئەمە لەلايەك لەلايەكی تريشەوە گەر خۆشوبهاندن نەبێ تۆ بەشداری لە بيدعەيەكدا دەكەيت كەپێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەيەوە فەرموويەتی : " **كل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار** "واتە: هەموو بيدعەيەك گومڕاييە و هەموو گومڕايەكيش خاوەنەكەی لە دۆزەخدايە. ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ١٣٥٣ ) چونكە ئەم جەژنە و جەژنەكانی تری بێباوەڕان هيچ بنەوايەكی لە ئاينی ئيسلامدا نيە .

**٥ ـ** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی: " **خالفوا المشركين** " ( متفق عليه ) ، واتە :پێچەوانەی موشريكان بنەوە .

زانای پايە بەرزی ئيسلام ( **ابن تيمية** ) سەبارەت بەم فەرموودەيەو فەرموودەی ژمارە (٤ ) فەرموويەتی : (( **فإن موجب هذا : تحريم التشبه بهم مطلقا ، وكذلك قوله : ( خالفوا المشركين ) ونحو ذلك مثل ما ذكرناه من دلالة الكتاب والسنة على تحريم سبيل المغضوب عليهم والضالين ، وأعيادهم من سبيلهم الى غير ذلك من الدلائل** )) .واتە:ئەمە ئەوە دەگەيەنێت كە خۆشوبهاندن پێيان بەگشتی حەرامە ، هەروەها ئەوەی كە فەرموويەتی :( **خالفوا المشركين**) و هاوشێوەكانی لەوانەی كەباسمان كردووە ، هەموو بەڵگەی قورئان و سوننەتن لەسەر حەرامێتی شوێنكەوتنی ڕێگەی گاورو خاچ پەرستان، ئاشكراشە جەژنەكانيان بەشێكە لە ڕێگەكەيان ، و چەندەها بەڵگەی تر هەن لەو بارەيەوە.

**٦ ـ** لە ئەبی سەعيدی خودريەوە دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی : " شوێن ڕێچكەو ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان ئەكەون بست بە بست و باڵ بە باڵ بەشێوەيەك ئەگەر هاتو ڕۆشتنە كونی بزن مژەكێكەوە شوێنيان دەكەون " ، فەرموويان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستت گاور و خاچ پەرستانە ؟ فەرمووی : " ئەی كێم مەبەستە ؟ " ( متفق عليه ) .

**٧ ـ** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموويەتی: " **يوم عرفة ويوم النحر وأيام التشريق عيدنا أهل الاسلام وهي أيام الاكل والشرب** " ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٢٤١٩ ) ،

واتە : جەژنی قوربان و سێ ڕۆژی دوای ئەویش ، جەژنی ئێمەیە ئەهلی ئیسلام ، ورۆژانی خواردن و خواردنەوەیە . دەبینین پێغەمبەری خوا لەم فەرمودەیەدا ناوی هیچ جەژنێکی لەجەژنی بێباوەڕان وخاچ پەرستان نەهێناوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەجەژنی نەزانیوە . کەوا بوو بەشداری کردن تیایاندا ڕەوا نیە و تاوانە . وە کە فەرموویەتی : ( **عیدنا أهل الاسلام** ) بەو واتایە دێت کە تایبەتە بە موسڵمانان . بۆیان هەیە بخۆن و بخۆنەوە و شادی بگێڕن . ئەوەش دەگەیەنێت بۆمان نیە لە جەژنی گەلانی بێباوەڕدا بەشداری بکەین چونکە ئەوانیش جەژنەکانیان تایبەتە بەخۆیان .

هەموو ئەمانەش بریتی بوون لە گوڵبژێرێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بەناڕەوایەتی بەشداری کردن لەجەژنی گاور و خاچ پەرستان . وە زۆر ئایەت و فەرمودەی تریش هەن سەبارەت بەم بابەتە بەڵام ئەوەی خستومانەتە ڕوو بەسە بۆ کەسێك کە ملکەچی ئارەزووەکانی نەبێت و گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ .

## بەڵگە لە وتەی هاوەڵان

لەپاش کۆچ کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵانی لەپاش خۆی بەشداری جەژنی گاور وخاچ پەرستانیان نەدەکرد چونکە مامۆستاکەیان ئاگەداری کردبوونەوە کەتەنها دوو جەژنی ساڵانەیان هەیە کە ئەویش هەردوو جەژنی ( **ڕەمەزان و قوربان** ) ە ، هاوەڵانیش ئامۆژگاری مامۆستاکەیان لەگوێ گرت و لەپاش خۆی کاریان بەقورئان و فەرموده شیرینەکانی مامۆستاکەیان دەکرد و بەردەوام خەڵکیان ئاگەدار ئەکردەوە و ئامۆژگاری خەلکیان دەکرد . جا بابزانین ئەو هاوەڵە نازدارانە چیان فەرمووە سەبارەت بەبەشداری کردن لە جەژنی گاورو خاچ پەرستان :

١ - ( **عطاء** ) ی کوڕی ( **یسار** ) کە یەکێکە لە گەورەی شوێنکەوتوان ، فەرموویەتی : ( **عمر** ) فەرمویەتی : لە ڕۆژانی جەژنیان دا تێکەڵی بێباوەڕان مەبن لە پەرەستگاکانیاندا چونکە لەوانەیە سزای خوای پەروەردگاریان بەسەرا دابارێت . ئەوەتا ئیمامی عومەر نەهی کردوە لەچونە نێو پەرستگاکانیان لەڕۆژی جەژنەکانیان ، دیارە چونە نێو پەرستگاکانیان لەجەژنەکانیان تاوانێکی گەورەیە و سزاکەی سەختە ، ئاخۆ بەشداری کردن لەجەژنەکانیان و ئەنجامدانی هەندێك لەکردەوەکانیان سزاکەی چەندە سەخت بێت . ئایە ئەنجامدانی هەندێك لەوکردەوانەیان کە لاوەکانمان لەڕۆژی جەژنەکانیان ئەنجامی ئەدەن گەورەتر نیە لە چونە نێو پەرستگاکانیان ؟ ئایە بەبەشداری کردن توشی ئەو سزایە نابین کە دەبارێت بەسەریاندا ؟ بۆیە باش وایە تا زوە خۆت لەو سزایە ڕزگار بکە .

٢- لە ( **عبد الله** ) ی کوڕی ( **عمرو** ) فەرموویەتی : (( ئەو کەسەی لە وڵاتی بێباوەڕاندا بژێت و ئامادەی جەژن و ئاهەنگەکانیان بێت و خۆی بشوبهێنێ پێیان تاکو دەمرێت وە لەسەر ئەو شێوەیە بمێنێتەوە ئەوا لەگەڵ ئەواندا حەشر دەکرێت )) . بڕوانە باوەڕداری بەڕێز بەشداری کردن چەندە مەترسی دارە ،

دەتگەیەنێتە ئەو ڕادەیەی کە لەڕۆژی قیامەتدا لەگەڵ ئەوانەدا حەشر بکرێیت کە عیسای کوڕی مەریم ـ علیه السلام ـ بەخوای خۆیان ئەزانن هەروەك پەروەردگار ئەفەرموێت : ﴿ لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾ ( سورة المائدة : ٧٢ ) ، واتە : کوفری خوایان کردووە ئەو کەسانەی کە دەڵێن عیسی کوڕی مەریەم خوایە . تۆ بڵێیت کەسانێك هەبن بۆ بەشداری کردنی جەژنێکی ساڵانە خۆیان بخەنە ئەو حاڵەی لەگەڵ بێباوەڕاندا حەشر بکرێت ؟!!! باوەڕناکەم مەگەر یەکێك دوای هەواو ئارەزوی دونیا کەوتبێت و بنەوای ئاینەکەی خۆی لەیاد کردبێت . لەم وتە بەنرخەیشدا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کەوا بەشداری کردن و خۆشوبهاندن بە بێ باوەڕان دەمانباتە ئەو ئاستەی تەنانەت لەڕۆژی قیامەتیشدا لەگەڵ موسڵمانان دا حەشر نەکرێین ئیتر خۆت خاوەن بڕیار بە .

**٣ ـ** ئیمامی عومەر فەرموویەتی : (( اجتنبوا اعداء الله في أعيادهم )) ، واتە : بەشدار مەبن و دووربکەونەوە لە بێباوەڕان لەجەژنەکانیان دا . ئایە ئەم وتەیە زەنگێکی ئاگادار کەرەوە نیە ؟!! ئایە ئەم وتەیە لەمەترسی بەشداری کردنی جەژنی گاور و خاچ پەرستان ئاگەدارمان ناکاتەوە ؟ بێگومان بەڵێ بۆکەسانێك کە خاوەن بیر و هۆش بن . وتەی تریش زۆرە بەڵام کەسێك بەم سێ زەنگە ئاگەدار نەبێتەوە ئەوا بەزندوییش هاوەڵان ببینێت بەوتەکانیان بەئاگا نایەتەوە .

## وتەی زانایان

زانایەکی زۆر سەبارەت بەجەژنی بێباوەڕان و خاچ پەرستان کۆڵیونەتەوە و کتێبیان لەبارەیەوە نوسیوە و وتاریان داوە ، وە لەهەموو ئەوانەی زیاتر کۆڵیوەتەوەو نوسیویەتی زانای پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) یە لەکتێبە ناودارەکەی ( **إقتضاء صراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم** ) . بۆ ئەم مەبەستەش بەپشت بەستن بەقورئانی پیرۆز و فورمودە ( **صحيح** ) ەکانی پێغەمبەر ﷺ و بەپێ لێکدانەوەی هاوەڵان چەندین بەڵگەی تایبەتی و گشتی کۆکردۆتەوەو وەك بەڵگە هێناویەتیەوە بۆ قەدەغەکردنی بەشداری کردن لەجەژنی گاور و خاچ پەرستان ، ئەمەی خوارەوەش کورتەیەکە لە وتەکانی ئەو زانا پایە بەرزە پێشم خۆشە وەك بەڵگەیەك بیهێنمەوە کەتیایدا زۆر بەوردی و جوانی بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە .

زانای پایە بەرزی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) فەرموویەتی : (( بەشداری بوون و هاودەنگ بوون لەگەڵ بێ باوەڕان لەجەژنەکانیاندا بە دوو ڕێگا قەدەغە دەکرێت :

## بەڵگەی گشتی و بەڵگە تایبەتیەکان

سەبارەت بە بەڵگەی گشتی : بەشدار بوون و هاودەنگ بوون لەگەڵیاندا هاودەنگ بوونە لەگەڵ گاور و خاچ پەرستان لەو شتانەی کە لەئاینەکەماندا نین و داب و نەریتی پێشینیشمان نەبووە . کەواتە هاودەنگ بوون لەگەڵیاندا ( **مفسدة** ) ی تێدایە وە لەوازلێهێنانی دا ( **مصلحة** ) ی جیاوازی بوون هەیە لە گەڵیاندا . چونکە جیاوازی بوون لە گەڵیاندا چاکەیە بۆ ئێمە هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : "

من تشبه بقوم فهو منـــهم " ، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە خۆشـوبهاندن پێیـان قەدەغـە و حەرامـە بەگشتی وە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : " خالفوا المشركين " ئاشکرایشە کە جەژنـەکانیان بەشێکە لە کردەوەکانیان کە لە ئاینەکەیان یان دروشمی ئاینە پوچەڵەکەیانە .

بەڵام بەڵگە تایبەتیەکان : سەبارەت بەخودی جـەژنی بێبـاوەڕان قورئـانی پـیرۆزو سـوننەت و کۆڕای زانایان و بەڵگەی تریشە ، خوای پەروەردگار لەو بارەیەوە ئەفەرموێ : ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ ﴾

( **محمد** ) ی کوڕی ( **سیرین** ) فەرموویەتی : مەبەست لەم ئایەتە ﴿ وَالَّذِينَ لَا يَـــشْهَدُونَ الـــزُّورَ ﴾ ( **شعانین** ) ە کـە یەکێکـە لـە جـەژنی خـاچ پەرسـتان . وە ربیعـەی کـوڕی ( **أنـس** ) یـش فەرموویـەتی : مەبەست پێی جەژنی بێباوەڕانە ، وە لە چەندەها کەسانی پێشینەوە هەمان واتا دەگێڕێتەوە ))

## بەکورتی

١ ـ جـەژن : لـەکۆی ئـەو شـەرع و ڕێـچکەو ڕێبـازو پەرسـتنانەیە کـەخوای پـەروەردگار لەبارەیـەوە ئەفـەرموێت : ﴿لِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ﴾ ( سـورة الحـــج : ٧ ) واتـە: هـەموو ئومـەتێك شێوازی پەرستن و پەیڕەوی تایبەتمان بۆ ناردوون . وەکو قیبلە و نوێژ و ڕۆژوو گرتن . بۆیە بەشداری کردن لەجەژنەکانیان بەشداری کردنە لەئەنجامدانی هەندێك لەو پەرستنانەی کە ئاینەکـەیان بـۆی ڕەوا کردوون . جەژنیش یەکێکە لە جیاکەرەوەی ئاینەکان لە یەکتر هەروەکو زانای پایەبەرزی ئیسلام ( **ابـن تیمیة** ) فەرموویەتی : جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکانی لەیەکتر پێ جیا ئەکرێتەوە .

٢ـ ئەو کردارانەی لەجەژنەکانیاندا ئەنجام ئەدرێ لە لایەکەوە سەرپێچی یـە بـۆ پـەروەردگار و تاوانـە . لـە لایـەکی تریشەوە بیدعەیـە ، لـەم بارەیـەوە زانـای پایـە بـەرزی ئیسلام ( **ابـن تیمیـة** ) فەرموویەتی : جەژنی گاور و خاچ پەرستان کە خاوەن پەرتووکی ئاسمانیین لەگەڵ ئـەو کەسـانەی کـە موسڵمان نین نەهیان لێکراوە لەبەر دوو هۆکار :

**یەکەم :** لە بەر ئەوەی خۆشوبهاندنی تێدایە بە بێ باوەڕان .

**دوەم :** لە بەر ئەوەی بیدعەیە .

٣ ـ لەڕاسـتیدا جەژنەکـە لـەئاینی مەسـیحیدا هـیچ بنەوایـەکی نیـە و داهێنـراوە ، عیسـای کـوڕی مەریەمیش ـ عليه السلام ـ بێ ئاگایـە لـەو درۆیانـەی بەدەمیـەوە دەیکـەن گـەر ئێـستاش زنـدوو بێتـەوە هەرگیز بواری ئەوەیان نادات ئەو جەژنە بگێڕن و ئەو بیدعەیە بکەن .

٤ ـ ئەگەر بەجەژنی بزانیت ئەوە تاوانباریت ، گەر بەجەژنیشی نـەزانیت بـەڵام بـۆ خۆشـی و کـات بەسـەربردن بەشـداربیت هـەر تاوانباریـت چـونکە خـۆت بـەوان ئەشـوبهێنی هـەروەك پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی : " من تشبه بقوم فهو منهم ". واتە: هەرکەسێ خـۆی بـشوبهێنێت بەگـەلێك ئـەوە لـەوان دەژمێردرێت.

٥ ـ ڕنگە لەجەژنەکانیاندا سزای پەروەردگار بڕژێت بەسەریاندا بۆیە بەشداری کردنت توش بوونە بەو سزایەی دادەبارێت بەسەریاندا .

٦ ـ ئەنجامدانی شتێك لە کردەوەکانیان وەك پیرۆزبایی کردن و نامە گۆڕینەوە قەدەغەیە لەم بارەیەوە زانای پایەبەرز ( **ابن القیم** ) فەرموویەتی : (( پیرۆزبایی کردن بەدروشمەکانی کافر و بێباوەڕان کەتایبەتە پێیان بەکۆڕای زانایان حەرام و قەدەغەیە وەکو پیرۆزبایی لێکردنیان بەبۆنەی جەژنەکانیان یان بەهۆی ڕۆژوو گرتنیان وەك ئەوەی پێیان بڵێیت جەژنت پیرۆز بێت ... **هتد** )) .

٧ ـ بەردەوام بوون لە بەشداری کردن لەجەژنەکانیان هۆکارێکە بۆ خوگرتن بەو دابوونەریتانەی هەیانە کە دواتر دەبێتە هۆی مردنی دڵی ئەنجامدەرو لاواز بوونی باوەڕەکەی و لەبیر کردنی دروشمەکانی ئاینە پیرۆزەکەی کە ئاینی ئسلامە .

٨ ـ بەشداری کردنت بەشداری کردنە لە جەژنێك کە لە ئاینەکەی خۆیاندا هیچ بنەوایەکی نیە و بیدعەیە . بەشداری کردنیشت بەشداری کردنە لە دوو بیدعە .

یەکەم : بیدعەیەکی داهێنراوی خاچ پەرستان

دووەم : هەمان بیدعە لە ئیسلامدا بیدعەیە .

٩ ـ خۆشوبهاندن لەڕوکەشدا ڕێگا خۆشکەرە بۆ خۆشوبهاندن لە کردەوە سەرەکی و پەرەستنەکانیان .

١٠ ـ بە بەشداری کردنت خۆش بەختیان پێ ئەبەخشی و دۆستایەتیان لەگەڵدا ئەکەیت پەروەردگاریش ئەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ ( سورة المائدة : ٥١ ) .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان بەخواو پێغەمبەر هێناوە نەکەن گاور و خاچ پەرستان بەدۆستی خۆتان بزانن کە لەڕاستیدا ئەوان دوژمنی ئێوەن ، وە لە نێوان خۆیشیاندا دۆستی یەکترن و هەریەکێك لەئێوە ئەوان بەدۆست دابنێ ئەوا ئەویش لەوان دەبێ .

## چیرۆکێك لەنێوان خەیاڵ و ڕاستی و پەند وەرگرتندا

جۆرج پیاوێکی ئەمریکیە . تەمەنی نزیك پەنجا ساڵ ئەبێت لەڕوی تەندروستیەوە زۆر باشە لەگەڵ خیزانەکەی و کچە بچوك و کوڕە هەژدە ساڵەکەیدا کە پلان بۆ چونە زانکۆ دائەڕێژێ لەشارۆچکەیەکی باکوری شاری واشنطن ئەژین . شارۆچکەکەی خۆی زۆر خۆشدەوێ و تیایدا سەرقاڵی بازرگانیە ، کاتێك نزیك مانگی ( **ذي الحجة** ) ئەبنەوە بەهەموویانەوە سەرقاڵی ئەوە ئەبن کە بزانن لەچەنی مانگ ڕۆژی کوشتارە جۆرج خۆی بەکەناڵە ئاسمانیە ئیسلامیەکاندا ئەگەڕێ و خێزانەکەیشی بەردەوام لەڕێگەی ڕادیۆ وە گوێ لە ئێزگە ئیسلامیەکان دەگرێ و کوڕەکەشیان لەئینتەرنێت لەسایتە ئیسلامیەکان بەدوای زانینی هەواڵی یەکەم ڕۆژی کوشتاردا ئەگەڕێ . زۆریش حەزئەکەن ژمارە تەلیفۆنی باڵوێزخانەی وڵاتێکی ئیسلامیان دەست بکەوێ بۆ زانینی ڕۆژی کوشتار و یەکەم ڕۆژی

جەژنی قوربان  ئـەمجارەش جـۆرج هەرکـە لەیـەکێك لەکەناڵـە ئاسمانیەکانـەوە هـەواڵی دیـاری کردنـی یەکـەم ڕۆژی جـەژنی قوربـانی بیـست بەپـەلـە و خۆشـحاڵی خـۆی گەیانـدە خێزانەکـەی و ئـەم هەواڵـە خۆشەی بەویش ڕاگەیدند . لە پاش تۆزێك کوڕەکەیشیان تەلیفۆنی بۆکردن و پێیانی ڕاگەیاند کـەوا لـە ئەنتەرنێت هەواڵەکەی بینیوە .جۆرج بەدرێژایی ساڵ مەبلەغێك پارەی پاشەکەوت کردووە بۆ ئەم ڕۆژە ، بۆ ڕۆژی دوایی دوای نیوەڕۆ ڕۆیشت بۆ بازاڕی گـەورەی شـار لەوێدا مامەڵـەی شـەکێکی باشـی کـرد پارەکەی بەشی نەکرد بۆیە زوو بەزوو لـەنزیك تـرین خەزێنـە (بانـك) پـارەی هێنـاو شـەکەکەی کـڕی . بەهاوکاری کوڕەکـەی خـستیانە دوای ئۆتۆمبێلەکـە و گەڕانـەوە ماڵـەوە. کچەکەیـشی لاسـایی دەنگـی شەکەکەی دەکردەوە ، جۆرج بەرلەوەی لەماڵ دەربچێ خێزانەکەی پێی وت : جـۆرج ئاگـات لێـی بێـت شەکەکەمان بۆ قوربانیە شەل و کوێرو لاواز نەبێت . جۆرجیش وتی : خـەمت نـەبێ ئـەزانم . لەڕێگـەی گەڕانەوەدا جۆرج زۆر دڵی خۆش بوو چونکە شەکێکی کڕیبوو بەکەڵکی قوربانی بێت .

شەکێکی زندویشی کڕی چونکە ئەیەوێ بەدەستی خۆی و بەڕێگەیـەکی شـەرعی سـەری ببڕێـت . کـچە بچکۆلانەکەی بەدەنگە ناسکەکەی وتی : باوکـە جـەژنی قوربـان چـەن خۆشـە ، جلـە نوێیـەکانم لەبـەر ئەکەم و لەگەڵ مناڵەکان یاری ئەکـەم و سـەردانی دراوسـێ و خزمـەکانمان ئەکـەین . باوکـە زۆر حـەز ئەکەم کە گەورە بووم جلێکی پۆشتە بپۆشم و لەچك بدەم بەسەرما . کە گەیشتنە ماڵەوە خێزانەکـەی بەپەلە هاتەپیریانەوە و بەجۆرجی وت : مێردە خۆشەویستەکەم زانیم کەوا قوربانی ئەبێ بکرێت بەسێ بەشەوە ، بەشێکی ئەدرێت بەفەقیرو هەژاران ، بەشێکیشی ئەتوانین هەڵگرین ، بەڵام خۆمان ئەیدەینـە دراوسێکانمان ، بەشەکەی تریشی ئەخۆین . لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا شەکەکەی ڕوکـردە قیبلـەو بەشێوەیەکی شەرعی سەری بڕی وبەیارمەتی خێزانەکەی و کوڕەکەی پارچە پارچـەیان کـردو کردیانـە سێ کۆمەڵەوە دوانیان بەخشی و بەشێکیان بۆ خۆیان هێشتەوە . جۆرج زۆر بەپەلە کاری دەکرد وردە وردە ماندو بوون کاری تێکرد لێـرەدا دەنگـی بـەرز کـردەوەو بەتوڕەییـەوە بـەخێزان و کوڕەکـەی وت خێراکەن ئەمڕۆ یەکشەمەیە دەبێت بڕۆین بۆ کەنیسەیش ، جـۆرج پیاوێـك بـوو هـەموو یـەك شـەمەیەك سەردانی کەنیسەی دەکرد خێزان و مناڵەکانیشی لەگەڵ خۆی دەبرد ... **چیرۆکەکەمان تەواو بوو** .

دڵنیام ئێستا چەندین پرسیار لات دروست ئەبێت بشم بینی ڕەنگـە لـێم بپرسـی : بـەم چـیرۆکە توشـی سەرسوڕهێنانت کردین جۆرج موسڵمانە یان خاچ پەرستە ؟! گـەر موسـڵمانە بۆچـی سـەردانی کەنیـسە دەکات ؟! ئەگەر خاچ پەرستیشە بۆچی قوربانی ئەکات ؟! ئەڵێیت باوەڕناکەم خاچ پەرەستێك قوربانی بکات و بەجەژنی قوربان خـۆش حـاڵ بـێ ؟ بـاوەڕ ناکـەی خـاچ پەرەسـتێك بەدرێـژایی سـاڵ پـارە بـۆ قوربانی کردن کۆبکاتەوە ؟ بۆ باوەڕ ناکەیت ئەوە نیە لەوڵاتی خۆماندا عبدالله و عبدالرحمن و خدیجە و هاوڕێ و سارا و .... لەسەری ساڵی زاینیدا جەژن ئەگێرن و خۆشی ئەکـەن جلـی ڕەنگاوڕەنگ لـە بـەر دەکەن و نامەی ڕازاوە و بۆن خۆش بۆیەکتر ئـەنێرن . مـافی خۆتـە بپرسـیت . منـیش لەوەڵامـدا پێـت ئەڵێم جۆرج و مناڵەکانی و خێزانەکەیشی و ئەوانەیش بەردەوامن لەسەر سەردان کردنی کەنیسە پێیـان

وایە کە عیسای کوڕی مەریەم ـعليه‌السلام ـ کوڕی خوایە پەنا ئەگرم بەخوا . هەرگیز باوەڕپیشیان بە پێغەمبەرەکەمان نیە و بەشداریش لەجەژنەکانمان ناکەن . کەچی بە پێچەوانەوە لاوانی باوەڕداری وڵاتی خۆمان کوێرانە لاسایی خاچ پەرستان ئەکەنەوە و لەجەژنەکانیاندا ئامادەن وجەژنەکانی خۆیشیان لەیاد کردوە .

بەڵێ خاچ پەرستان هەرگیز ئامادەنین لەجەژنی قوربان و ڕەمەزان بەشداری بکەن و خۆشی دەربڕن وقوربانی بکەن . ئەم چیرۆکەش هەرچەندە لەنێوان خەیاڵ و ڕاستی دا یە بەلاَم چەندین پەندو ئامۆژگاری تیایە بۆ ئەوانەی خاوەن هزر و هۆشن و بەباشی لێکی ئەدەنەوە .

## وتەی کۆتایی

بڕواداری شوێنکەوتەی قورئانی پیرۆز و فەرموودە ( **صحيح** ) ەکانی پێغەمبەر ﷺ ئیستا زانیت کە بەشداری کردن و پیرۆزبایی کردن لەجەژنی بێباوەڕاندا قەدەغەیە و تاوانە ئەوەیشت زانی کە موسڵمانان تەنها دوو جەژنیان هەیە و نابێت بە سێ بۆیە هەروەك چۆن گاور و خاچ پەرستان شانازی بەجەژنەکانی خۆیانوە ئەکەن کاتی ئەوە هاتووە تۆیش شانازی بەجەژنەکانی خۆتەوە بکەیت هەروەك مامۆستا و پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : " جەژنی قوربان و سێ ڕۆژی دوای ئەویش ، جەژنی ئێمەیە ئەهلی ئیسلام ، وڕۆژانی خواردن و خواردنەوەیە " . وە کاتی ئەوە هاتووە دووربکەویتەوە لەجەژنی ئەوانەی ئەڵێن : عیسای کوڕی مەریەم ـعليه‌السلام ـ خوایە ! ! ! خوا پەنامان بدات . ئەویش بزانە عیسای کوڕی مەریە ـعليه‌السلام ـ بێ ئاگایە لەم جەژنەی کە دایان هێناوە وەك چۆن بێ ئاگایە لەو درۆیانەی کە بەدەمییەوە دەیکەن . هەروەها ئاینی خوا کامڵەو پێویستی بەداهێنان و تازەگەری نیە هەروەك ئەفەرموێت : ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا﴾ ( سورة المائدة : ٣ ) .واتە: ئەمڕۆ ئاینەکەم بۆ تەواو کردن و نیعمەتی خۆمم بەسەرتانا ڕشت ، بەوەش ڕازی بووم کە ئیسلام ئاینتان بێت.

بۆیە ئەگەر سەری ساڵی زاینی بەجەژن بزانیت ئەوا پێت وایە کە ئاینی ئیسلام کامڵ نیە و خوای گەورە بیری چووە پێمان ڕابگەیەنێ کە سێ جەژنمان هەیە ! ! خواپەنامان بدات ئەمەش تاوانە . لەلایەکی تریشەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەوە تۆمەت بار دەکەیت کە ئاینەکەی بەتەواوەتی و وەکو خۆی نەگەیاندوە لەکاتێکدا لەڕێگەی فەرمودەکانیەوە هەموو چاکەیەکی فێرکردوین و لەهەموو تاوان و خراپەیەکیش ئاگەداری کردوینەتەوە لەوانەش جەژنی گاور و خاچ پەرستان بەتایبەتی سەری ساڵی زاینی . ئەمەش خۆی لەخۆی دا تاوانێکی گەورەیە و سزایەکی سەختی لەدو اوەیە .

لەپاش ئەم هەموو بەلگانە تۆ بڵێیت کەسێك هەبێت سەری ساڵی زاینی بەجەژنی خۆی بزانێت و جەژنی تیابگێڕێت و بەشداری تیابکات . باوەڕداری بەڕێز بڕیار بدە بڕیارێکی دروست ، ئەگەر تائێستا بەجەژنت زانیوە یان هەر بەشداریت تیاکردوە و بابەجە ژنیشت نەزانیبێ تاوانبار بویت بەو

بەشداری بوونەت ، بڕیاری دروستیش وازهێنانە لەبەشداری کردن ، ئەو ساڵانەش کە بەبێ ئاگا لێبـوون بەشداریت کردوە ئەوا خوای پـەروەردگار فەرموویـەتی : ﴿ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْـهُ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ﴾ ( سورة المائدة : ٩٥ ) ، واتـە: خـوای پـەروەردگار لـەوەی ڕابـوردو خـۆش بـووە، بەڵام ئەوەتان جارێکی تر بگەڕێتەوە سەری ئـەوا خـوای پـەروەردگار تۆڵـەی لێ دەسـێنێتەوە، خـواش بەتواناو تۆڵـە سـێنە.( إن شاء الله ) خـوا لێـت خـۆش ئـەبێت چـونکە نـەتزانیوە قەدەغەیـە بەمـەرجێك جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەری .

**بڕواداری بەڕێز** : لەدوای خوێندنەوەی ئەم نووسراوە بیدەرە دەستی یەکێکی تر باسوودی لێـوەرگرێ . گەر توانیت بۆ نەخوێندەوارەکانیشی بخوێنەوە و هاوڕێکانیشت لێـی ئاگـەدار بکـەرەوە ، بـۆ ئـەوەی چـی دی کوێرانــە لاســایی گــاور و خــاچ پەرســتان نەکەنــەوە . جاچــەندە هاوکــاری بکــەیت لــە ئاگەدارکردنەوەی خەڵکی ئەوەندە چاکەت بۆ دەنوسرێ ، تـاوانی ئـەو چـەند سـاڵەی بەشـداربوونت . بەئاگەدارکردنەوەی خەڵکی بسڕەوە . پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویەتی : " الدال على الخير كفاعله " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، بــرقم : ٣٣٩٩ ) ، واتـە : ئـەو کەسـەی کـە خێرێـك بـە موسڵمانان پیشان بدات ئەوا پاداشتی ئەنجامدەری دەگات .

==============================================

# سایتی بەهەشت

**www.ba8.org**

١٤٢٨